

# سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان

جەمیل بایك

سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی تووشی قەیرانێکی مەزن هاتووە. ڕۆژهەڵاتی ناوییـن لـە ژێر کاریگەریی ڕووخێنەرتریـن دەرئەنجامەکانی ئەم قەیرانەدایە. ئەو شەڕەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوییـن گێژ دەخوات، شەڕی جیهانی سێهەمە و گەلانی فەلەستین، لوبنـان و کوردسـتان، زۆرتریـن ئێش و ئـازار و چەرمەسـەریی ئـەم شـەڕە دەکێشـن. ئـەم هەرێمـە لـە ڕووی جیۆسـتراتیژیی و جیۆپۆلیتیکییـەوە گرنگییەکـی زۆری هەیـە، وادیـارە هێزەکانـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی دەیانەوێت کێشـەکانی هەرێمەکـە بـە شـەڕ چارەسـەر بکەن. هێشتا دیار نییە ئەم شەڕە چەندێک درێژە دەکێشـێت و چ ڕەهەندگەلێـک لەخـۆ دەگرێـت. دەسـتپێکردنی شـەڕ ئاسانە، بەڵام کاتێک شەڕ دەستی پێ کرد و کاریگەریی لـە سـەر هەرێم و جیهان دانا، ئاوا بە هەمان ئاسانیی کۆتایی پێ ناهێنرێت.

مێـژووی سیاسـەتەکانی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی لـە سـەر ڕۆژهەڵاتی ناویین بە گشتیی و کوردستان بە تایبەتیی، بۆ زیاتر لـە ٢٠٠ سـاڵ لەمەوپێش دەگەڕێتـەوە. لـە سـەردەمانێکدا دەوڵەتـی فەڕەنسـا بە پێشـەنگایەتیی ناپلیۆن ویسـتی لـە ڕێی میسـرەوە بێتە ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن، بـەڵام ئـەم هەوڵەیـان زۆر سـەرکەوتوو نەبوو. پـاش ئـەوەی بەریتانیـا لـە شـەڕی مەیدانـی واترلـوو(Waterloo) شکسـتی بـە ناپلیـۆن هانـی، تـا ڕادەیەکـی زۆر پەتـی کۆنترۆڵـی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناویین و جیهان کەوتە نێو لەپی. هەربۆیە لە پێناو بەردەوامیدانی سەقامگیرانە بە دەسەڵاتی خۆی لە هیندستان و ڕۆژهەڵاتـی دوور، پێویسـت بـوو سـەرەتا دەسـەڵاتی خـۆی بـە

سـەر ڕۆژهەڵاتی ناوییندا بسـەپێنێت. چونکە ئەم هەرێمـە لە بواری ڕێگـەی دەریایـی و وشـکانییەوە پێگەیەکـی ناوەندیـی هەبـوو. لـەم ڕووەوە پێگـەی جیۆسـتراتیژیی هەرێمەکە گرنگییەکی مەزنی هەیە.

نـەوت و گاز چەرخەکانی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی دەگەڕێنـن و هەبوونـی ئـەم سـەرچاوانە بووەتـە هـۆی ڕاکێشـانی سـەرنجێکی زۆر بـۆ سـەر هەرێمەکـە. بـە هەمـان شـێوە، چڕوپڕیـی ژمـارەی دانیشـتووان وای کـردووە هەرێمەکـە ببێتـە بازاڕێکـی بەرفـراوان و گرنگ بۆ کاڵاکان، بە تایبەت چەک و تەقەمەنیی. لە هەر دوو شەڕی جیهانییشـدا، لـە ڕووی دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی مۆدێرنیتـەی سـەرمایدارییەوە، هیـچ لـە بەهـای ئـەم هەرێمـە کـەم نەبووەتـەوە. تەنانـەت دەتوانیـن بڵێیـن گرنگییەکـی زۆرتـری پەیدا کـرد.

ڕۆژئاوا هەرگیز دەستی لە حیساباتی خۆی بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئـەم هەرێمـە هەڵنەگرتـووە و ڕیشـەی ئـەم حیسـاباتە بـۆ سـەردەمی شـەڕی خاچپەرستەکان دەگەڕێتەوە. ئەورووپا لـە ڕێی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەدارییەوە خـۆی بەهێـز کـرد، هەمیشـە بـە نوێکردنـەوە و ڕۆژانەکردنـەوەی حیسـاباتی سـەردەمی شـەڕی خاچپەرسـتان، هەوڵـی داوە هەژموونـی خـۆی بـە سـەر هەرێمەکـەدا بسـەپێنێت.

لـە هەرێمەکـەدا دوو ئیمپراتـۆری میتینگـەری گـەورە بـە نـاوی ئێـران و عوسـمانیی هەبـوون، کـە لـە هـەوڵ و تەقـەلای مانـەوە و لەسەرپێمانەوەدا بوون. هێزەکانی ڕۆژئاوا لە سەر بنەمای سیاسەتی ‹پەرتکـە و زاڵبـە› نزیکـی ئـەم دوو ئیمپراتۆرییەتـە دەبوونـەوە. هەروەهـا لـە بـواری سـتراتیژییدا ئـەم دوو ئیمپراتۆرییەتەیـان وەک

بازاڕێـک بـۆ سـاغکردنەوەی هەناردەکانـی خۆیـان و سـەرچاوەی هێـزی کاری هـەرزان و کەرەسـتەی خـاو (مـاددەی خـام) بینیـوە. چونکە ئەگـەر ئەمانە نەبن، هەژموونیش درووست نابێت. لە کاتی پێویستیشـدا هێزی سـەربازییان بۆ وەشـاندنی گورزی مەرگبار لـە هەرێمەکـە بـەکار هێنـاوە.

هەڵبەتـە نـەک تەنیـا بەریتانیـا، بەڵکوو هێزەکانی تری وەک ڕووسـیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسـاش بۆ دابەشـکردنی سـەرچاوەکانی ئەم هەرێمە، شەڕیان کردووە. ئەم هێزانە چ بە شەڕ و ناکۆکیی و چ بە پەیوەندیی نێوانیـان بێت، تەنیـا بـە سیاسـەتکردن لـە سـەر دەسـەڵاتی ناوەندیی ئـەم دوو ئیمپراتۆرییـە بەسـەندەیان نەکردووە، بەڵکوو سیاسـەتیان لـە سـەر ناوچـە جیاجیاکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئـەم ئیمپراتۆریانـەش کـردووە. بـە گواسـتنەوەی زۆر سیسـتەماتیکی تەکنەلۆژیـا، هێـزی چـەک، فەرهەنگ و هونـەر، مۆد و هتد... بۆ ناوچەکە، هەوڵیان داوە هەژموونـی خۆیـان دامەزراوەیی و مایندە بکـەن.

ئارمانجـی سـەرەکیی سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـە لـە بنەڕەتـدا دابەشـکردنی هـەردوو ئیمپراتۆرییەتـی هەرێمەکـە بـووە بـە سـەر دەوڵەت-نەتـەوەدا. بەمشێوەیەش هەرێمەکەی لە ڕێی ئەم دەوڵەت-نەتەوانـەوە بـە خۆیـەوە گـرێ دا و دۆخێکـی وەک نیو-کۆڵۆنیاڵیـی بـە سـەر هـەردوو ئیمپراتۆرییەتەکـەدا هێنـا. بـە گەشـەدان بـە سـەرمایەدارییش هاوسـەنگیی ژینگەیـی تێـک دا.

ڕێبـەر ئاپـۆ سیاسـەتی مۆدێرنیتـەی سـەرمایداریی سـەبارەت بـە ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن بـەم شـێوەیە دەخاتـە ڕوو: *«دەوڵەت-نەتەوەکانـی*

ڕۆژهەڵاتی ناویین لە میانی شۆڕشەوە درووست نەکراون؛ بەڵکوو لەلایەن سیستەمی هەژموونگەراوە درووست کراون. ئامانجی سەرەکیی ئەو دەوڵەتانە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بە ناوی سیستەمەوە بە توندترین شێوە گەلەکانیان بچەوسێننەوە. لەو بوارەوە سەرکەوتووش بوون. هەمان پرۆسە لە سەرانسەری جیهاندا بەڕێوە دەچێت. ئەو ڕژێمە داگیرکارییانە لە ژێر ئەو دۆخە کائیۆسییەدا شاراوەن کە لە خۆرهەڵاتی ناوییندا قووڵ بووەتەوە و تەنیا لە میانی کارەساتەوە بەردەوام دەبێت. لە کاتێکدا ڕووداوەکانی چاخی سەرمایەی فینانسی نیولیبراڵیی دوایی هەموو گەلانی ناوچەکەی مەحکومی بێکاریی کردووە، سەرچاوەکان لەناو دەبات و کۆتایی بە ژینگە دێنێت، ئەوا چاکتر درک بە ڕاستیی دەکەین. لە دواشیکاردا لە سەدا دەی ئەو توێژەی سیستەم کە پارە بە پارە قازانج دەکات و باڵادەستیی خۆی بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و کولتوورییدا سەپاندووە، بۆ شاردنەوەی باڵادەستییەکەشی بەردەوام فاشیزمی میللیگەرایی و ئایینیی لە ڕۆژەڤدا دەهێڵێتەوە، ئەمەش سەلمێنەری گەشەکردنی وڵاتان و سەربەخۆیی نەتەوەکان نییە. کاتێک گەلان لە کارەساتبارترین سەردەمی مێژوویی خۆیاندا دەژین، دواپاشماوەکانی کولتووری کۆمەڵگەش لەناو چەرخی دەوڵەت-نەتەوەدا دەتوێنرێتەوە. گوایە لە سەردەمی ماف و ئازادییە کەسییەکانداین، بەڵام ماڵئاوایی لە دواپاشماوەی کەرامەتی تاکەکەس دەکەین. کاتێک دەستەواژەی ژینۆساید شیکار دەکەین، ئەگەر بە گشتیی تاوتوێی بکەین و بە ناوەڕۆکە سیستەماتیکەکەی بگەین، دەتوانین سەرکەوتوو

*بین. بە بایەخەوە گوتەی «تاقانە» سەبارەت بە ژینۆسایدی یەهوودییەکان بەکار دەهێنرێت. بەڵام ڕاستیی پێچەوانەکەیەتی. لە سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییدا ژینۆسایدی «تاقانە» بوونی نییە. لە هەر کۆمەڵگە، گەل و دەوڵەت-نەتەوەیەک کەم یان زۆر ژینۆساید جێگای باسە. هەندێکیان لە میانەی پەیڕەوی جەستەیی (کۆمەڵکوژیی جەستەیی) جێبەجێ دەکرێن، زۆربەشیان بە شێوەیەکی کولتووریی و پەردەپۆشکراو جێبەجێ دەکرێن. بێبەشکردن لە مێژوو، ئابووریی، بەڕێوەبەرایەتیی و زهنییەت بە لانیکەم هێندەی ژینۆسایدە کولتووریی و جەستەییەکان بەکاریگەر و بێبەزەیین.*[1]

پاش ڕووخانی ڕیال سۆسیالیزم، هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بە هێرشکردنە سەر ئێراق شەڕی جیهانی سێهەمیان دەست پێ کرد. ڕووخانی ڕیال سۆسیالیزم هاوکات بە واتای کۆتاییهاتنی جیهانی دووجەمسەرییش دەهات. پاش ئەم قۆناغەش هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی هێرشێکی بەرفراوانی دەروونیی-ئایدیۆلۆژیی-فەرهەنگییان کردە سەر هەموو ئەو شتانەی ئازادیی و مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتیبوونیان پێوە دیار بوو. بە ئاهەنگی پرشنگدار و زرم و کوتێکی زۆرەوە سەرمایەداریی سەرکەوتنی مسۆگەری خۆی بە سەر سۆسیالیزمدا ڕاگەیاند بوو. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو تاکە دەسەڵاتداری دنیا، واتە ئەمریکا،

---

١- عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتێک، پەڕتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل. ١٢٢.

لەگـەڵ هاوپەیمانەکانـی سیسـتەمی دڵخـوازی خۆیـان دابمەزرێنـن. ئەگـەر سـەرنج بدەیـن، دەبینیـن پـاش ئـەم قۆناغـە، لـە ژێـر نـاوی سیستەمی نوێی جیهانیی (New World Order) ـدا پڕۆگرامێکیان بـۆ گـەلان خسـتە ڕوو. بـەم پلانـە، بەپێـی سیاسـەتی ئابووریـی نیۆلیبراڵـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی داڕێژرابـوو، هەمـوو ئـەو شـتانەی شـۆڕش و سۆسـیالیزمی پێـوە دیـار بـوو، ڕووبـەڕووی هێـرش و پەلامارێکـی ڕژد بـووەوە.

لە بنەڕەتدا هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، بە پێشەنگایەتیی ئیمپریالیستە ئینگلیزەکان، هێرشیان کردە سـەر پێکهاتەی فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن. چونکـە هەرێمـی ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن لانکـەی شۆڕشـی کشتوکاڵییە و خاوەنـی فەرهەنگێکـی کۆمەڵایەتیی مـەزن و ڕیشـەدارە. ئینگلیزییەکان لـە هەمـوو کەسـێک باشـتر دەرکییـان بـەو ڕاستییە کردبوو کە تـا ئەوکاتـەی ئـەم هەرێمـە لـە بـواری فەرهەنـگ و شـێوازی بیـر و هـزردا داگیـر نەکرێـت، ناتوانـن لێـرەدا بەردەوامیـی بـە هەژموونـی خۆیـان بدەن. هەربۆیـە پێش گشـت شـتێک هێرشـیان کـردە سـەر فەرهەنگـی ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن.

هێزە میتینگەرەکان چ بە ڕێـی ئاشتییانە و بازرگانیی و ڕێگـەی هاوشـێوە و چ لـە ڕێـی سـەربازیی و زۆرەوە بچنـە نێـو ئـەو وڵاتـەوە، ئەگـەر گەلـی ئـەو وڵاتـە لە زمان و کەلتووری خۆی دوور نەکەوێتەوە و لـە بـواری زمـان، کەلتـوور، ئابووریـی، تەکنۆلۆژیـا و سیاسـەت و سـەربازییەوە بەرانبـەر باڵادەسـتیی ئـەو هێـزە هەژموونگەرایـە خـۆی بـە کـەم نەزانێـت، ئارەزوویـان نـەکات و لاسـاییان نەکاتـەوە،

ئەوا ئـەو هێـزە هەژمموونگـەرە ناتوانێت بـە شـێوەیەکی هەمیشـەیی لـەو وڵاتـەدا بمێنێتـەوە. تاکە ڕێی مانـەوە ئەوەیە دۆخی دەروونیی ئارەزووومەندانـە بـۆ لاسـاییکردنەوەی ئـەو هێـزە میتینگـەرە لـە نێـو گەلـدا درووسـت ببێت.

هەڵکەوتەی جۆگرافیی کوردستان بە چەشنێکە سەروەرە لە چەقی هەرێمـی ڕۆژهەڵاتـی ناوییـدا جێـی گرتـووە. هەربۆیـە ئینگلیـزەکان، فەڕەنسییەکان، ئەڵمانـەکان و ڕووسـەکان زۆر بـە سـەرنجەوە نزیکی کـورد بوونەتـەوە. ئەگـەر هێشـتاش بـۆ فێربوونـی مێـژووی خۆمـان هـەوڵ دەدەیـن کەڵـک لـەو بیرەوەریـی، برووسـکە و نامانـە وەر بگرین وا کاربەدەستانی ئـەم هێزانـە لـە کاتـی خۆیـدا نووسـیویانە یان کەڵـک لـەو بەڵگانـە وەربگریـن وا لـە ئەرشـیڤەکانی ئـەم هێزانـەدا سـەبارەت بـە کـورد و کوردسـتان هـەن، ئەمـە نیشـانەی ئەوەیـە ئـەم هێزانـە تـا چ ئاسـتێک لەگـەڵ کـورد و کوردسـتاندا پەیوەندییـان هەبـووە. وەکـو نموونەیـەک دەتوانیـن ئامـاژە بـەو نامانـە بکەیـن وا ‹هەڵمـوث کارڵ بەرنهارد›ـی ئەفسـەری ئەڵمانیـی بـۆ هاوژینەکـەی نووسـیونی. ئـەم کەسـە لە سـاڵەکانی ١٩٨٠ لە سـوپای عوسـمانییدا کاری ڕاوێژکاریی و فێرکاریی دەکرد و ڕۆڵی لە سـەرکوتی سـەرهەڵدانی کورد لەلایەن ئیمپڕاتۆرییەتـی میتینگـەری عوسـمانییەکانییەوە گێڕاوە.

زۆربـەی هێـزە جیهانییـەکان پەیوەندییـان لەگـەڵ بـەگ، سـەرخێڵ و شـێخە هەڵکەوتووەکانـی ئـەو سـەردەمە دانـاوە. ئامانجـی ئـەم پەیوەندییانـە ئـەوە بـووە لـە سیاسـەتی خۆیـان دژی هـەردوو ئیمپراتۆرییەتـی ئێـران و عوسـمانیی، هێـزی کـوردی وەک هێزێکـی

یـەدەگ و جێگرەوە ئامـادە بکـەن یان بـە پێدانی بەڵێنی جۆراوجۆر جووڵەیان پێ بکەن. بەم ڕەنگەش توانیویانە ببنە خاوەنی گوتـە و بڕیـار لەمـەڕ ئـەو ئیمپراتۆرییەتانـە و لغاویـان بکـەن.

ئـەوەی تـا ئێستا ئاماژەمـان پێ کرد، دەروازەیـەک بـوو بۆ ئەوەی بتوانیـن شـیکردنەوەیەکی زیاتـر سـەبارەت بـەو سیاسـەتانەی وا دەوڵەتـە میتینگەرکانـی سـەر بـە هێـزە ئیمپریالیسـتییەکان لـە سـەر کوردسـتان پەیڕەویـان کـردووە، بکەیـن.

سیاسـەتی ئینگلیـز سـەبارەت بـە کوردسـتان سـاڵی ١٩٢٠ لـە کۆنگرەی قاهیرە داڕێژرا. ئـەو بڕیارانـەی لـەم کۆنگرەیـەدا سـەبارەت بـە کـورد و کوردسـتان وەرگیـران، سیاسـەتی سـەدەی ڕابردوویـان داڕشت، ئەمڕۆش سـەرەڕای هەندێک جیاوازیی سنووردار، هەمـان سیاسەت لە سەر کورد و کوردستان پەیڕەو دەکرێن. وەک دەزانرێت پـاش شـەڕی جیهانیـی یەکـەم، هەندێـک کۆبوونـەوە ئەنجـام دران و کۆنگـرەی قاهیـرەش دواییـن دەوری ئـەم کۆبوونەوانەیـە وا تیایـدا چارەنووسـی سـەد سـاڵە هێڵکێش کـرا. گەوهـەری کۆنگرەکـە ئەمـە بـوو: لـە هەرێمەکـە قەوارەیـەک بـە نـاوی کوردسـتان دانامەزرێنرێت، بـەڵام بـۆ ئـەوەی دەوڵەتـە دەسـەڵاتدارەکانی سـەر کوردسـتان لـە ڕێ دەرنەچـن و بەگوێـرەی سیاسـەتی هێـزە ئیمپریالیسـتەکان هەڵسـوکەوت بکـەن، کـورد وەک کارتێکـی فشـار دژی ئەمانـە بـەکار دەهێنرێـت. پـاش گفتوگـۆی چڕوپـڕ لەمـەڕ ئـەم بابەتانـە، کۆنگـرەی لـۆزان دەبەسـترێت و لـەم کۆنگرەیـەدا کوردسـتان، کـە بەگوێـرەی پەیماننامـەی قەسـری شـیرین لـە سـاڵی ١٩٣٩ دابەشـی دوو پارچـە

بووبوو، کرا بە چوار پارچە و هەریەک لە ئێراق و سووریاش دەسەڵاتی میتینگەریی خۆیان لە سەر دوو بەشی کوردستان دامەزراند. دەوڵەتی ئێراقی ژێر کۆنترۆڵی ئیمپریالیزمی ئینگلیز باشووری کوردستانی داگیر کرد و سووریای ژێر کۆنترۆڵی ئیمپریالیزمی فەڕەنسییش ڕۆژئاوای کوردستان.

پەیمانی لۆزان لە دەیان مادە پێک دەهات، سەرەڕای ئەوەی کوردستانی دابەش کردبوو و کوردی خستبووە ژێر چەقۆی ژینۆساید، بە وشەیەک و گوتەیەکیش بێت ناوی کورد و کوردستانی نەهێنا. ئەمە بابەتێکە و پێویستە بە گرنگییەوە ڕاوەستەی لەسەر بکرێت، جا وردەکاریی نکۆڵیی لە کورد و کوردستان بخرێنە ڕوو.

## ١. سیاسەتەکانی دەوڵەتی میتینگەر و کۆمەڵکوژیی تورک لە سەر کوردستان و دۆخی هەنووکەیی:

وەک دەزانرێت، دەوڵەتی تورکیا لە ٢٩ـی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٢٣، لە سەر بنەمای نکۆڵیی لە کورد و کوردستان، لەلایەن کەسێکی تەڤکوژ و قڕکەری کورد بە ناوی مستەفا کەمال دامەزرێنرا. لە قۆناغی شەڕی ڕزگارییدا، لە تورکیا یاسایەکیان دەرکرد، کە دانی بە مافە نەتەوەییە بنەڕەتییەکانی کوردا دەنا و گەرەنتی ئەوەی دەدا کوردستان ببێتە خاوەنی پێگەیەکی خۆسەر. بەڵام سەرەڕای ئەمە، پاش شەڕی ڕزگاریی ئەو دەوڵەتە تەڤکوژ و قڕکەرەی دامەزرێنرا، سەرپاک نکۆڵیی لە هەبوونی کورد کرد. ئەمەش بووە

هـۆی کاردانـەوەی گەلـی کـورد بـە گشـتیی و ڕۆشـنبیر و کەسـانی سـەربازیی و ڕێبـەری تەریقەتـەکان بـە تایبەتیی. دەوڵەتـی مژۆکداری تـورک هـەر بەمەشـەوە نەوەسـتا، کۆتایـی بـە یاسـای خۆسـەریی هێنـا کـە لـە سـاڵی ١٩٢٠ پەسـند کرابـوو، لـە جیاتـی ئـەوە سـاڵی ١٩٢٤ دەسـتوورێکی بنەڕەتیـی دەرکـرد و هەمـوو ئـەو کەسـانەی لەنێـو سنوورەکانی دەوڵەتی تورکیادا دەژیان، وەک تـورک پێناسـە دەکرد، بـەم شـێوەیەش نکۆڵیـی لـە هەبوونـی کـورد بنەمایەکـی دەسـتووریی و یاسـایی لەبـەر هەڵدوورا. سـەرهەڵدانی شـێخ سـەعیدی پیـران کـرا بـە پاسـاوی دەرچوواندنـی یاسـای ‹تەقریـری سـکون› و دامەزراندنـی ‹دادگای ئیسـتیقلال›، سـەرەنجام پشتبەسـت بـەم یاسـایە شـێخ سـەعید و چلوشـەش کـەس لـە هاوڕێکانـی لەسـێدارە دران. ئـەو شـوێنانەی سـەرهەڵدانی شـێخ سـەعید گەشـەی لـێ سـەندبوون، کەوتنـە بـەر شـاڵاوێکی بەربڵاوی کۆمەڵکوژیی و ژینوسـاید.

هەروەهـا بـۆ بەردەوامیـدان بـەم ڕەوشـە، بـە دەرکردنـی یاسـای ‹پلانـی هەمووارکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات Şark İslahat Planı › زمان و کەلتـوور و هونـەری کـورد تێکڕا نکۆڵـی لـێ دەکرێت، هەمـوو مافە سیاسیی و نەتەوەییەکانیان لـێ دەسـێندرێتەوە و لەپێناو لەناوبردنی هەمـوو ئەمانـە، پرۆگرامێکـی تایبـەت دادەڕێژرێـت Şark İslahat Planı. ئـەم پلانـە تاکـە دەرچەیـەک بـۆ هەناسـەدان و گوزارشـت لەخۆکردنی کـورد ناهێڵێتـەوە. هاوشـان لەگـەڵ ئەمـەش، بڕیار دەدەن سـەرتاپێی دیمۆگرافیـای کوردسـتان بگـۆڕن. لـە ڕێـی پارێزگاری تایبـەت و یاسـای تایبەتـەوە میکانیزمێکـی دەوڵەتیـی بنیـاد دەنرێـت

کە تا دواڕادە میتینگەر و کۆمەڵکوژە. لە بواری ئابوورییشەوە لە لایەکەوە بارێکیماڵیاتیی گەورە بە سەر کورددا دەسەپێنن و لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد تەنیا وەک هێزی کاری هەرزان بمێنێتەوە و نەتوانێت ببێتە خاوەنی هیچ دارایی و بازاڕێک، هەموو جۆرە تەگبیرێکی ئیداریی و بازرگانیی وەردەگرن. بە کورتیی دەتوانین بێژین سیاسەتێکیان پەیڕەو کرد و پێک هێنا کە تەواو لە سەر بنەمای تەوکوژیی و کۆمەڵکوژیی کەلتووریی کورد بوو.

پاش ئەوەی تێکۆشان و بەرخودانی کورد بە پێشەنگایەتیی ئیحسان نوری پاشا و خۆیبوون لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ و سەرهەڵدانی دێرسیم لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ تووشی شکست بوون و گەلی کورد ڕووبەڕووی چەندین کۆمەڵکوژیی خوێناوڵ بووەوە، ئەمجارە دەوڵەتی تەوکوژی تورک دەستی بە کۆمەڵکوژی سپی کرد و سیاسەتی تەوکوژیی کەلتووریی خستە واری جێبەجێکردنەوە. لە ئەنجامی ئەم قۆناغەشدا، هەوڵیان دا لە ڕێی کۆچی زۆرەملێیەوە کوردستان لە دانیشتووانی چۆڵ بکەن.

دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورک، هەموو چەشنە خەبات و چالاکییەکی هونەریی و فەرهەنگیی پەیوەندیدار بە کورد و کوردستانی ڕێبەند کرد و یاساییەکی دەرکرد هەرکەس بە زمانی کوردیی قسە بکات، بە تاوان لەقەڵەم بدرێت و پێویستە سزا بدرێت. بە سیاسەتێکی تا دواڕادە تەوکوژ و میتینگەر، هەموو مافە نەتەوەیی و کۆمەڵاتییەکانی گەلی کورد، وەک پەروەردە بە زمانی دایک، خۆرێکخستن، سیاسەت، خۆبەڕێوەبەرایەتیی، خۆپاراستن

و خاوەنداریـی لـە دەوڵەمەندییەکانـی، پێشـێل کـرد. ئـەو سیاسـەتە ئابوورییـەی بـە سـەر کوردسـتاندا سـەپێنرا، نەختوپوخت سیاسـەتی ڕاوڕووت و تـاڵان بـوو، سـەرمایەداریی دەوڵـەت هیـچ کاتێک ڕێـی نـەدا دەرفەتێـک بـۆ هاتنەئـارای بـۆرژوازی کـورد بڕەخسـێت. لـە جیاتـی ئەمـە، بورژوازی تـورک هەوڵـی دا لـە کوردسـتاندا توێژێکـی کۆمپرادۆری پێکهاتـوو لـە بەکرێگیـراو و خیانەتکارەکانـی گرێدراوی خـۆی درووسـت بـکات. ئەمانـەش لـە ژێـر چاودێریـی بـۆرژوازی تورکدا بە بازرگانیی ڕۆژانە و کاری بریکاریی و دەڵاڵییەوە سـەرقاڵ بـوون و ئـەم ئاسـتەیان تێپـەڕ نەکـرد.

لە ئەنجامی سیاسـەتێکی ئابووریی ئاوادا، گەلی کورد مەحکوومی بێکاریی و برسـێتیی بووەوە و ناچـار مـا وەک هێزی کاری هـەرزان کـۆچ بـۆ گەورەشـارەکانی تورکیـا بـکات. ئەوانەشـی دەرفەتیـان بـۆ ڕەخسـا، ملـی ڕێیـان بـۆ ئەورووپـا گرتـە بـەر. کـوردەکان ئیدی بۆ ئەوەی لـە شـارە تورکییەکانـدا تەنیا بتوان سـکی خۆیـان تێر بکـەن، شـانیان دەدایـە بـەر زەحمەتتریـن و قورسـترین و پاشـکەوتووترین کار و لەگـەڵ ئەمـەش هەمـوو سـووکایەتیی و بێڕێزییەکیان پـێ دەکرا. ئیدی وای لـێ هاتبوو کوردیان وەک مرۆڤ نەدەدیت و بە گوتـەی وەک ‹ کـوردی دڕنـدە›، ‹کـوردی کلکدار›، ‹کـوردی کـەر›، ‹کـەری خـودا›، ‹کورد هـەر بۆ دۆخـواردن باشـە› سـووکایەتییان بە کـورد دەکرد. ئـەم دۆخـەش خـۆی لـە خۆیدا، لـە بواری زمـان و کەلتووردا، زەمینـەی بـۆ توانـەوە و لـە بـواری نەتەوەییشـدا زەمینـەی بـۆ لەناوچوونـی دەرەخسـاند. لـە ئەنجامدا، هەندێـک چیـن و توێژ لـە پێناو

ناسنامەی نەتەوەیی خۆیاندا خۆڕاگرییان نواند، هەندێک خۆیانیان شاردەوە، هەندێکیش توانەوە و ون بوون. کوردێکی زۆر ون بوو. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان سەبارەت بەو کوردانەی ون بوون و بوون بە تورک، بکرێت.

هەر دە ساڵ جارێک کودەتایەکی سەربازیی لە تورکیا ڕووی دەدا. ئەم کودەتایانە و لێکەوتەکانی وەک گوشار و قەدەغە و ئەشکەنجە و هتد... سیاسەتی نکۆڵیی سەر کوردستانیان قووڵتر و قووڵتر کردەوە.

چ بە نەرمونیانیی بێت و چ توندوتیژیی، هەموو جۆرە سیاسەتێک پەیڕەو دەکرا بۆ ئەوەی گوشار بخرێتە سەر کورد تا دەست لە کوردبوونی خۆی هەڵگرێت و بێگانەی ئاو و خاکی نیشتمانی خۆی بێت. لە لایەکی دیکەشەوە، ‹تورکبوون› وەک ڕێی ڕزگاریی لەم دۆخە پێشانی کورد دەدرا. هەوڵ درا جۆرە تاک و کۆمەڵگایەکی کوردیی درووست بکرێت کە ئاشق و سەودای دوژمنی خۆی بێت، ئارەزووەمەند و لاساییکەرەوەی شێوازی ژیانی دوژمنی خۆی بێت و لە کوردبوونی خۆی و نیشتمانی خۆی ڕا بکات. ڕێبەر ئاپۆ پێناسەیەکی بەم شێوەیە بۆ بەرکەوتووانی ئەم سیاسەتە دەکات: *«ئەو جۆرە کوردەی لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەدا بەرهەم هێنراوە، لە خۆی دەترسێت و ڕا دەکات، نکۆڵیی لە خۆی دەکات، لەو بڕوایەدایە چەندە نکۆڵیی لە خۆی بکات، وەک مرۆڤێکی مۆدێرن دەبێتە خاوەنی ناسنامە؛ گێل، ساختەکار، نەزان، خۆبەزانازان، خۆبەزلزان، بێئاگا لە ماف و یاسا، ناسیاسیی، نائاسایی و لەناوچووە.»*

ڕەنگڕێژبوونی وێنەیەکی ناپاکی لەم چەشنە لە کەسێتیی کورددا

تـا ڕادەیەکـی فـرە دەرەنجامـی ناپاکیـی چینـی سـەردەسـتی کۆمەڵگایـە، ئەوانـەی ماوەیـەک باسـی کـورد و کوردسـتانیان دەکـرد، تەنانـەت سـەرهەڵدانیشـیان بـۆ کـرد و شکسـتیان خـوارد، بـەڵام لـە جیاتـی ئـەوەی بەرژەوەندیـی ئاغـا و شـێخ و سـەرخێڵ و هتـد... لـە بەردەوامیـدان بـە تێکۆشـانی ئازادییـدا ببینـن، لـە پەسـندکردنی دەوڵـەتی مژۆکداری تورکدا دەیانبینیـەوە. نـەک لـە خەباتـی ئازادییـدا، ڕۆڵێکـی گەورەیـان هـەبوو. هـەر یەکێکیـان وەک کرمـی دار، داری کـورد-کوردسـتانیان لـە نـاوەوە داکرانـد.

دەوڵـەتی میتینگـەری تـورک بـۆ ئـەوەی دیمۆگرافیـای کوردسـتان بگـۆڕێت، بـە پلانێـک ژمارەیەکـی زۆر کۆچبـەری لـە قەفقـاز بگـرە تـا ئاسـیای ناوییـن، لـە دەریـای ڕەشـەوە بگـرە تـا وڵاتانـی باڵـکان، هێنـا و لـە باکـووری کوردسـتان نیشـتەجێی کـردن.

ئـەو تێکۆشـانەی بـە پێشـەنگایەتیی ڕێبـەر ئاپـۆ لـە کوردسـتان گەشـەی سـەند، سیاسـەتی میتینگـەریی و تەوکوژیـی سـەر کوردسـتانی تـا سـنووڕێکی باڵکێـش خسـتە ڕوو و بـوو بـە هـۆی ئـەوەی زانابـوون و هۆشـیاریی نەتەوەیـی و کۆمەڵایەتیـی لـە نێـو گەلـی کورددا گەشـە بسـەنێت و تێکۆشـان بـە پێودانگـی ئازادیـی ژن پـەرە بسـتێنێت. بـە کورتیـی و بـە پوختیـی، ئـەو سیاسـەتی نکۆڵییـەی دەوڵـەتی تەوکـوژ و میتینگـەری تـورک لـە ڕێـی سـتەم و توندوتیژییـەوە پەیـڕەو دەکـرا، هێنراوەتـە سـەر چـۆک و ناچـاری پاشـەکشـە کـراوە. سـەرەڕای ئـەوەی ڕێبـەر ئاپـۆ بـە پیلانگێڕییەکـی نێودەوڵەتیـی ئامادەکراو لەلایـەن ئەمریکا و بەریتانیـا و ئیسـرائیلەوە بـە دیـل گیـرا و خرایـە زیندانـی ئیمرالیـی، تێکۆشـان هـەر بـەردەوام بـووە. ئـەم دۆخـە بووەتـە هـۆی بەزیـن و

مایەپووچیی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تەوکوژ و داگیرکەری تورک.

هەربۆیە، لەبری سیاسەتەکانی پێشوو، دەستیان کرد بە پیادەکردنی سیاسەتێکی ئاوێتەی تورکیی-ئیسلامیی لە سەر ڕاسەری کورد و کوردستان. لە سەر ئەم بنەمایە کاتێک دەوڵەتی تورک بینی تێکۆشانی ئازادیخوازیی لە گەشەدایە، ئەو پارت و تەریقەتە ئیسلامییانەی وا پێشتر لەلایەن دیکتاتۆری فاشیست و کەمالیستەوە قەدەغە کرابوون، قەدەغەیان لە سەر هەڵگیرا، سا ئەم پارت و تەریقەتانە بە پشتیوانیی و هاوکاریی دەوڵەتی فاشیست دەستیان بە ڕێکخستنێکی فراوان کرد. کەسانی وەک نەجمەدین ئەربەکان و تورگوت ئۆزاڵ پێشەنگایەتیی ئەم سیاسەتەیان دەکرد، بەڵام کاتێک ئەمانەش بەهۆی تێکۆشانی ئازادیخوازییەوە تووشی شکست و پاشەکشە بوون، تەییب ئەردۆغان لە ۲۰۰۳ هاتە سەر دەسەڵات و سیاسەتێکی پەیڕەو کرد، کە لە گەوهەردا تەوکوژ و فاشیستییانە بوو، بەڵام ڕواڵەتێکی ئیسلامیی پێ دەدا. لە ماوەی ئەم بیستویەک ساڵەی ڕابردوودا، ئەردۆغان تێگەیشتن و کەشێکی وەهای درووست دەکرد گوایە کێشەی کورد چارەسەر دەکات، بەڵام لە گەوهەردا سیاسەتێکی تەوکوژیی هەمەلایەنەی جەستەیی و کەلتووریی جێبەجێ دەکرد کە لە سەدساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە و ئارمانجەکەی لەناوبردنی گەلی کورد بوو.

AKP لە جیاتی ئەوەی کێشەی کورد لە سەر بنەمای ئازادیی و یەکسانیی چارەسەر بکات، سیاسەتی پاکتاو و هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی پەیڕەو کرد. ئەمە گەوهەری

سیاسـەتی AKP بـوو. سیاسـەتێک، کـە لـە لایەکـەوە لـە ژێـر نـاوی چارەسـەردا لەگەڵ ڕێبـەر ئاپۆ و نوێنەرانی پەکەکە چاوپێکەوتنی دەکرد و لـە لایەکی تریشـەوە خەریکی داڕشتنی ‹پیلانـی چۆکپێدادان› بوو.

حکومەتـی فاشیسـتی AKP-MHP بـە شـێوەیەکی ڕەسـمیی لـە باشـووردا بنەماڵـەی بارزانیی-پەدەکە و لـە باکووریش حیزبالکۆنترا )واتـە، (HUDA-PARـی بەشـداریی ئـەو پلانـی چۆکپێدادانەیـان کـرد وا دژی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردسـتان ئامـادەی کردبـوو. بنەماڵـەی بارزانیی-پەدەکـە لـە سـاڵی ٢٠١٧ بـەدوا، بـە شـێوەیەکی چالاکتـر، بەپلانتـر و ڕێکخراوتـر، بەشـداریی پلانـی چۆکپێدادان بـووە. لـە هەرێمەکانـی پاراسـتنی میدیـا و بـە تایبـەت بادینـان، پەدەکـە ڕاسـتەوخۆ بەشـداریی شـەڕ و ئۆپەراسـیۆنی دژ بـە گەریـلا نەبـووە، بـەڵام چالاکانـە هەمـوو جـۆرە هاوکارییـەک پێشکەشـی سـوپای داگیرکـەر و تەوکوژ و میتنیگـەری تورک دەکات، لـە پێدانی زانیارییـەوە بگرە تـا دابینکردنی لۆجیسـتیک، لـە پاراسـتنی سـەربازانی تورکیـاوە تـا درووسـتکردنی ڕێـگا بـەرەو بارەگاکانـی گەریلا. بە تایبـەت لـە سـاڵی ٢٠٢٤ بەدوا، ڕێـی بۆ سـوپای فاشیسـت و داگیرکـەری تـورک کـردەوە تـا بتوانێـت لـە تـەواوی بادینـان بـە زرێپـۆش و تانـک و تۆپـەوە هاتوچـۆ بـکات، جووڵـە بـە هێزەکانـی بکات و لـە خاڵـە ستراتیژییەکاندا جێگیر ببێت. لـە نێوان ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ گونـد چـۆڵ کراون و لـە هەمووی ئـەم هەرێمانـەدا سـوپای فاشیسـت و داگیرکـەری تـورک جێگیـر کـراون.

لـە ئەنجامـی پەیمانـی لۆزانـدا، دەوڵەتـی میتینگـەر و تەوکـوژی

تورک ناچار ما موسڵ و کەرکووک بۆ ئیمپریالیزمی ئینگلیز جێ بهێڵێت. بەڵام دەسەڵاتدارە فاشیستەکانی تورکیا، لە سەرووی هەمووشیانەوە، مستەفا کەمال، بۆ وەرگرتنەوەی موسڵ، بە ئاشکرا و بە نهێنیی، هەوڵی زۆری دا. لەم دواییانەشدا، هەردوو سەرۆکی فاشیست، ئەردۆغان و باخچەلیی، بە نیشاندانی نەخشەی موسڵ و کەرکوک لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕایانگەیاند مەبەستی داگیرکردنی ئەم دوو شوێنەیان هەیە، بەڵام هیچ یەک لە بەشدارانی کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان بەرانبەر ئەم لێدوانەی ئەردۆغان نەنواند.

لە هاوینی ٢٠٢٤، ئێراق و بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە و دەوڵەتی تەوکوژ و داگیرکەری تورک لە سەر بنەمای پاکتاوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان، ڕێککەتنێکیان واژۆ کرد. وەک پێویستییەکی ئەم ڕێککەوتنە، دەوڵەتی تەوکوژی ئێراقیش بەشداری ئەم پلانی پاکتاوە بووە. هاوپەیمانیAKP-MHP ، بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە و حیزبی کۆنترا (هوداپار) هەم لە باکووری کوردستان و هەم لە هەرێمەکانی پاراستنی میدیا، هێرشێکی بەرفراوانیان بە مەبەستی گۆشەگیرکردنی ڕێبەر ئاپۆ و پاکتاوی گەریلا و پاشەکشەپێکردنی خەباتی یاسایی و دیموکراتیی و شکاندنی ئیرادەی گیراوانی ئازادیی لە زیندانەکانی تورکیا، دەست پێ کردووە. بەرانبەر ئەمەش، وێڕای هەموو هەلومەرجێکی دژوار، ڕێبەر ئاپۆ لە زیندانی ئیمڕاڵیی و گەریلا لە هەموو شوێنێک، خۆڕاگریی دەنوێنن. خۆڕاگریی گەلی کوردیش، بە تایبەت خۆڕاگریی ژنان و گەنجان بەردەوامە.

دەوڵەتـی میتینگـەر و تەوکـوژی تـورک دەیەوێت بـە پاکتـاوی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردسـتان هەژموونـی خـۆی بـە سـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوییندا بسـەپێنێت. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پلانێکـی هەمەلایەنـەی دارشـتووە و بەڕێـوەی دەبـات. بـەڵام لـە ئەنجامـی خۆڕاگریی بزووتنەوەکەمان لـە ئـەم ٢-٣ ساڵەی دوایيدا، حکومەتـی AKP-MHP لـە بواری سیاسیی، دیپلۆماسیی، ئابووریی، دارایی، سـەربازیی و جەماوەرییدا تووشـی پاشەکشـێیەکی ڕژد بووەتـەوە. دەوڵەتـی تەوکـوژ و فاشیسـتی تـورک ڕووبـەڕووی یەکێـک لـە گەورەترین قەیرانەکانی مێژووی خۆی بووەتـەوە. لـە جیاتی ئەوەی چـۆک بـە پەکەکـە دابنێـت و هەڵـی بوەشـێنێتەوە، خـۆی دووچـاری چۆکدانـان و هەڵوەشـانەوە بـووە.

## ٢. سیاسـەتەکانی دەوڵـەتـی میتینگـەری ئێران سـەبارەت بـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و دۆخـی هەنووکەیـی.

کورد و فارس وەک دوو گەلی دراوسێی یەکتر ڕیشـەدارترین گەلی ئەم هەرێمەن. ڕیشـەی ئەم دوو گەلە دراوسێیە بۆ سـەردەمی شۆڕشـی کشتوکاڵیی دەگەڕێتەوە و ئاڵۆگۆڕێکی زۆر لە نێوانیاندا هەبووە. کاتێک پارسـەکان لـە ئەنجامی ناپاکیی هارپاگۆس دژی ئاستیاگ مادەکانیان ڕووخاند، سیاسـەتێکی میتینگەرییـان هەندێـک جار لـە سـەر بەشـێکی کوردسـتان، هەندێـک جاریـش لـە سـەر هەمـوو کوردسـتان، بەڕێـوە بردووە. بە تایبەت پاش کۆمەڵکوژ و و پاکتاوی ماگەکان، هەژموونی ئایدیۆلۆژیـی کەوتـە دەسـت پارسـەکان و پشتبەسـت بـەم هەژموونـە، سیاسـەتێکی کاریگەرتریان لـە سـەر کورد پەیڕەو کرد.

کوردستان لە کاتی هێرشی ئەسکەندەر بۆ هیندستان، لە کاتی شەڕی نێوان یۆنان و پارسەکان، لە سەردەمی شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان ڕۆم-ساسانیی و بیزانس-ساسانیی، لە شەڕەکانی عەرەب-فارس و عوسمانیی-سەفەوییدا هەمیشە گۆڕەپانی شەڕ و ناکۆکیی بووە لە نێوان فارسەکان و ئەو هێزانەی لە ناوچەکانی ترەوە ڕوویان لێرە کردووە. کوردەکان لە بەدەستخستن و پاراستنی ئەو شوێنەی ئەمڕۆ فارسەکان وەک نیشتمانی خۆیان دەستنیشانیان کردووە، خاوەن ڕۆڵێکی مەزنن.

کوردستان بۆ یەکەم جار ساڵی ١٦٣٩ لە نێوان فارسەکان و ئیمپراتۆری تەوکوژی عوسمانییدا دابەش بوو. لە قۆناغی پارسەکان بەدوا، ئەو سیاسەتانەی لە سەر ناوی فراوانخوازیی و میتینگەریی پەیڕەیان کردووە، لە شێوازی سیاسەتی زۆر هێزی تر جیاواز بووە. یاساکانی ساتراپ پەیڕە کراون، دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوخۆیی و زمان و کەلتووری ئەو گەلانەی کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی میتینگەرییان نەکردووە، لە بواری بەڕێوەبەرایەتییشدا جۆرێک لە پاراستنی تایبەتمەندییە ناوخۆییەکان هەبووە. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی پەیوەندییان لەگەڵ هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، بە تایبەت ئینگلیزییەکان لە باشووری ئێران و ڕووسەکان لە باکووری ئێران، شێوازی بیرکردنەوەی دەوڵەت-نەتەوە کاریگەرییەکی خێرای لە سەر سیاسەتی ناوخۆیی ئێران دانا.

تا کاتی شەڕی جیهانی دووەم، ڕووس و ئینگلیز کاریگەرییان لە سەر دەوڵەتی میتینگەری ئێران هەبووە. لەم نێوەندەدا، کاریگەریی

و ڕۆڵی ئینگلیزەکان چارەنووسسازتر بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پاش شۆڕشی مەشروتییەت دژی ڕژێمی پاشایەتیی، بیری دەوڵەت-نەتەوە کاریگەرییەکی هەڵکشاوتری لە سەر هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران داناوە. ڕەزا خان پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مستەفا کەمالی کوردکوژ داناوە و هەوڵی داوە مۆدێلی ‹یەک زمان، یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە›ی مستەفا کەمال لە ئێران جێبەجێ بکات. لە کاتی خۆڕاگریی ئاگرییدا، بە ئارمانجی سەرکوتکردنی ئەم سەرهەڵدانە، ئێران سنوورەکانی خۆی گۆڕی و ئاسانکارییەکی زۆر گەورەی بۆ تورکە میتینگەرەکان کرد، بۆ ئەوەی بتوانن بە هاوبەشیی لەگەڵ دەوڵەتی میتینگەری تورکدا بزووتنەوە کوردییەکان سەرکوت بکەن، پەیمانی سەعدئابادیان واژۆ کرد. پاش ئەوەی خۆڕاگری سمکۆی شکاک لە ئەنجامی پیلانگێڕییەکدا شکستی خوارد، پاش پاکتاوی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دوابەدوای شەڕی جیهانی دووەم، ئیدی خەڵک ناچار کرا بە فارسیی قسە بکات، گەلان لە مافەکانی وەک زمان و کەلتوور و سیاسەت و خۆبەڕێوەبەرایەتیی بێبەش کران و هەرجۆرە هەوڵدانێکیش لەم پێناوەدا بێبەزییانە سەرکوت کرا. زۆر شاری کوردستان، لە سەرووی هەمووشیانەوە لوڕستان، تا ڕادەیەکی زۆر فارسێنراون. سیاسەتێکی بەرفراوانی تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی جێبەجێ دەکرێت.

دەوڵەتی ئێران، گەرچی وەک دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورکیاش دەستی بۆ سیاسەتی زەبروزەنگیش نەبردبێت، بەڵام بە

شێوەی جیاواز سیاسەتی تەوکوژیی فەرهەنگیی پەیڕەو کردووە. ئەگەر زمان و کەلتوورێک بە دامەزراوەیی نەبێت، لە خوێندنگە نەبێت بە بەشێک لە سیستەمی پەروەردە، بە شێوەیەکی فەرمیی دانی پێدا نەنرێت، ئەوا لەگەڵ تێپەڕینی کات ئەو زمانە ناتوانێت بەرانبەر زمانی دامەزراوەیی دەوڵەت لە توانەوە و لەناوچوون ڕزگاری ببێت. سیستەمی ئابووریی و دارایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرتاپێ لە دەستی دەوڵەتدایە.

ئێران لە سەردەمی ڕژێمی شا، پشتیوانیی بنەماڵەی بارزانیی کرد و بەرانبەر ئەمەش هەم نیشتمانپەروەرەکانی ڕۆژهەڵاتی دا بە کوشت و هەم لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم بنەماڵەیەوە ویستی کێشەی ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ دەوڵەتی میتینگەری ئێراق چارەسەر بکات. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کە نەفرەتی لە ڕژێمی شا دەکرد، پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ئەم ڕژێمە، ئەویش هەر لە بەکارهێنانی هەمان سیاسەتی شا دژی کورد نەسڵەمیوەتەوە. دەسەڵاتی ئیسلامگەرای ئێران بە پشتبەستن بە بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پاکتاو کرد و نکۆڵی لە هەموو جۆرە مافێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات کرد. دەسەڵاتدارانی ئێران بە کردنەوەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی کوردیی، گەرەکیانە ڕاستەوخۆ بە زمانی خودی کورد لەگەڵ کورد قسە بکەن، بەڵام لەم ڕێگایەشەوە سیاسەتی درێژخایەنی توانەوە و قڕکردنی فەرهەنگیی بە ئەنجام بگەیەنن.

لە پاییزی ساڵی ٢٠٢٢ و پاش کوشتنی ژینا ئەمینیی، ئەو

سـەرهـەڵدانانەی لە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان بە درووشـمی ‹ژن، ژیان، ئازادیـی› دەسـتیان پـێ کـرد و لـە نێـو هەمـوو گەلانـی ئێران بـڵاو بوونـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی ئەنجامـی پێویسـتیان نەگـرت، بـەڵام هەنگاوێکی گرنگی دیمۆکراتیزەبوونـی ئێـران بـوون و ئەزموونێکـی پڕ لـە نـەرخ و بەهایان بەرهـەم هێنـا. ئێران وەک یەکێک لـە دەوڵەتـە هەرێمییەکانـی بەشـدار لـە شـەڕی جیهانیـی سـێیەم، ڕووربـەڕووی دۆخێکـی تـا دواڕادە قەیراناویـی بووەتـەوە. هەربۆیـە لـە جیاتـی ئـەوەی هەنـگاو بـەرەو دیموکراسـیی هەڵبگرێت، چ لـە ڕێـی سـێدارە و چ لـە ڕێـی کوشـتنی سـەر شـەقامەکان، ڕێـی پاکتـاوی هێـزە دیمۆکراسـییەکانی هەڵبـژاردووە.

دەوڵەتی میتینگەری ئێران، لـە قۆناغێکدا شـەڕی جیهانی سـێیەم لە هەرێمەکەدا تەشـەنە دەکات و ئەم شـەڕە خۆیشـی گرتووەتەوە، لە بـواری ئابووریی، سیاسیی، دیپلۆماسیی و سـەربازییدا ڕووبەڕووی قەیرانـی ڕژد بووەتـەوە. پەرەسـەندنی شـەڕ تـا ئـەم ئاسـتە، نیشـانەی قووڵبوونـەوەی ئـەم قەیرانەیـە. ئێران دوو ڕێگای لـە بەردەمدایـە. یان بـە شـێوەیەکی بنەڕەتیـی پـەرە بـە دیموکراسـیبوون دەدات، یـان بـە بەشدارییەکی چالاکانەتـر لـە نـاو ئـەم شـەڕەدا دەکەوێتـە قۆناغێکی پڕ لـە زۆر و زەحمەتـی و وێرانیی کە کـەس لە ئێسـتاوە ئەنجامەکەی بۆ پێشـبینی ناکرێـت. ئەمـە لـە کاتێکدایـە ڕاسـتینەی مێژوویـی ئێران، بە پێکهاتـە فـرە نەتەوەیـی، فرەئایینیـی و فرەمەزهەبییەکەیـەوە دەتوانێت قۆناغێکـی بەهێزی دیموکراسـیبوون لـە هەرێمەکەدا دەسـت پـێ بکات، بـەڵام وادیـارە بەختـی ئـەم بژاردەیـە کەمـە. وەک دەبینیـن دەوڵـەتـی

ئێران تەنانەت لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بۆ ئەوەی ئەزموونی دیموکراتیی کوردان لە بەرژەوەندیی ڕژێمی بەعس پاکتاو بکات، سیاسەتێکی زۆر هێرشبەرانەی گرتووەتە بەر.

وەک دەبینین سەرەڕای ئەوەی خۆڕاگریی و سەرهەڵدانی جەماوەریی مەزنی گەلانی ئێران چەند ساڵ جارێک دووپات دەبنەوە بەڵام ئانجامی پێویست بە دەست ناخەن. هۆکاری بنەڕەتیی ئەم ئەنجامنەگرتنە ئەوەیە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاستینەی ئێرانیان بە شێوەیەکی قووڵ شیکار نەکردووە و لە سەر ئەم بنەمایەش ئامادەکاریی ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی و جەماوەرییان نەکردووە. واتە تێگەیشتنێکی تێروتەسەلیان لە تایبەتمەندییەکانی ڕژێمی میتینگەری ئێران نییە و بەگوێرەی ئەمەش خۆیان نەگەیاندووەتە ئاستی پێویستی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی. لێرەدا پێویستە کاریگەرییەکانی سیاسەتی نەتەوەپەرەستیی سەرەتایی پەدەکە، بۆچوونی بەرتەسکی خۆدموختاری خوازی و تایبەتمەندیی چینایەتیی سەرکردە و پێشەنگەکان ببینین. بە تایبەت، دیاردەی کۆچکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو ئەمریکا، ئەورووپا و کانەدا مایەی تێڕامانە. هەروەها سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات گەورەترین گورزیان لەلایەن بنەماڵەی بارزانی–پەدەکەوە بەرکەوتووە، هێشتاش لە ژێر پەڕ و باڵی پەدەکە و گفت و بەڵێنی بنەماڵەدا ماونەتەوە. ئەم دۆخە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم حزبانە هیچ پێداگیرییەکی شێلگیرانەیان بۆ دیمۆکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. نیشانەی ئەوەیە

هیچ ئەنجامێکیان لە پاکتاوی شۆڕشی ڕۆژهەڵات بەدەست نەخستووە و لە دۆخی خۆڕەخنەییدا نیین. هەڵەیەکی تری ئەم هێزانە ئەوەیە؛ لە جیاتی ئەوەی پشت بە دینامیکی ناوخۆیی ڕۆژهەڵات و ئێران ببەستن، پشتیان بە دەستێوەردانی دەرەکیی بەستووە. ئەگەر بە پێودانگی خۆڕەخنەکردنێکی قووڵ ئەزموونی پێویست لە شکستەکان وەرنەگیردرێت، ئەوا هیوای سەرکەوتن لاواز دەبێت و پاشەکشێ دەکات.

## ٣. سیاسەتەکانی دەوڵەتی میتینگەری ئێراق لە سەر باشووری کوردستان و دۆخی هەنووکەیی

بە درێژایی مێژوو گەلی عەرەب و گەلی کورد بەردوام لەگەڵ یەکتر ژیاون. ئاڵوگۆڕی زۆریان لە نێواندا بووە. هەم گەلی کورد و هەم گەلی عەرەب سەردەمانێکی درێژیان لە قووڵایی ژیانی کشتوکاڵییدا بەسەر بردووە و پێکڕا ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتیان نۆشیوە. لەگەڵ هاتنی سەلاحەدینی ئەیوبیی کورد و عەرەب بە درێژایی سەدان ساڵ چارەنووسێکی هاوبەشیان. ئەم دوو گەلە خاوەنی پەیوەندییەکی ڕیشەداری بەم ڕەنگەن، لە سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە، بەهۆی ستەم و چەوسانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانیی هەریەکەو بە شێوازێکی جیاواز لە چارەیەک دەگەڕان. بەڵام سەرەتاکانی سەدەی بیستەم یەکێک لەم گەلانە، وەک پێویستییەکی پلانی ئینگلیزەکان بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناویین، لەپڕ خۆی لە نێو وڵاتێکدا دیتەوە کە ناوی ئێراقە و لەلایەن

ڕژێمێکی ماندایی (ڕاسپێردراو لەلایەن ئینگلیزەوە) بەڕێوە دەبردرێت. پادشایەکیان هێنایە سەر ئەم وڵاتە کە تەواو لەگەڵ ئاو و خاک و گەلەکەی نامۆ بوو، بەم شێوەیە دەوڵەت-نەتەوەیەک لە سەر گرێژەنە (میحوەر)ی عەرەب دامەزرێنرا. ئەو کوردانەشی لەنێو سنوورەکانی ئەم دەوڵەتدا بوون، وێڕای هەموو ئەو بەڵێنانەی پێیان درابوو، بە پلانێکی جیاوازتر تەواو بێ پێگە و قەوارە هێڵرانەوە و کەوتنە ژێر ڕەحمی حوکمی پادشایی عەرەبی ئێراق.

بەگوێرەی ئەو بڕیارانەی لە کۆنگرەی قاهیرە سەبارەت بە کورد وەرگیرابوون، پێویست بوو کورد بێ ستاتۆ بمێنێتەوە و مافی دامەزراندنی دەوڵەتیشی نییە. هەربۆیە سەرهەڵدانی شێخ مەحموود سەرکوت کرا و ڕێی پێ نەدرا بۆ جارێکی دی خۆی کۆ بکاتەوە. بابەتی موسڵ و کەرکووک، کە لە پەیمانی لۆزان مشتومڕی لە سەر کرابوو، بەهۆی پێگەی جیۆستراتیژیی و سەرچاوەی دەوڵەمەندیی ژێرزەوی، ساڵی ١٩٢٦ ڕادەستی دەسەڵاتی دەوڵەتی ماندایی (ڕاسپێردراو)- ئێراق کرا. بەم شێوەیە باشووری کوردستان نە نکوڵی لێ کرا، نە ڕێگەشی پێ درا دەوڵەتێک بۆ خۆی درووست بکات، بەڵکوو بڕیار درا لە یەکلاییکردنەوەی هاوسەنگیی و کێشمەکشە هەرێمییەکاندا وەک ئامڕازێک بەکار بهێنرێت. هەربۆیە لە بوارەکانی زمان و کەلتووردا هەندێک مافی پێ درا. بەڵام لە سەر بنەمای گۆڕینی دیمۆگرافیا، سیاسەتی تەعریب لە هەرێمەکە، بە تایبەتیش لە کەرکووک، کەوتە واری جیبەجێکردنەوە، وەک دەبینین، ئەمە تاڕادەیەکیش ئەنجامی بەدەست خستووە. لێرەدا ئەوەی

چارەنووسساز بوو، مسۆگەرکردنی پاراستنی ڕێگای هیندستان و ڕێگریی بوو لەوەی نەوتی موسڵ و کەرکووک بکەوێتە دەستی ڕژێمی میتینگەر و قرکەری تورک، کە لەوکاتەدا پەیوەندیی لەگەڵ سۆڤێت هەبوو. لە سەردەمی خۆیاندا هەموو ئەمانە بە هەنگاوی گرنگی سیاسیی و سەربازیی هەژمار دەکران.

پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، ڕێکخستنێک لە باشووری کوردستان بە ناوی پەدەکە درووست بوو. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٥٨ عەبدوسەلام عارف بە کودەتایەکی سەربازیی ڕژێمی میتینگەری پاشایەتیی لە ئێراق ڕووخاند، مەلا مستەفا بارزانیی لە یەکێتیی سۆڤێت گەڕایەوە، بە تەواوەتیی دەستی بە سەر پەدەکەدا گرت، ئەم ڕێکخستنە گۆڕا بۆ پارتێکی بنەماڵەیی و مۆرکی دەرەبەگایەتیی و خێڵگەرایی لێ دا. هەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی بنەماڵە، بە هاندان و هاوکاریی دەسەڵاتی میتینگەری ئێران و ئاڕاستەکردنی لەلایەن ئیسرائیل و ئەمەریکا و بە ئارمانجی لاوازکردنی دەوڵەتی میتینگەری ئێراق بەرانبەر ئیسرائیل، جووڵەی پێ کرا. لە کاتێکدا ڕێککەوتن لەگەڵ عەبدوسەلام عارف لە بەرژەوەندیی باشووری کوردستاندا بوو و وەک پێویستییەکی قۆناغەکە خۆی دەسەپاند، بەڵام بەرژەوەندیی هێزە میتینگەرەکانی وەک ئەمەریکا و ئیسرائیل و ئێران، نەک ڕێککەوتن، بەڵکوو شەڕیان دەسەپاند. لەگەڵ ڕێککەوتنی ١٩٧٥ی جەزایر لە نێوان ئێران و ئێراق، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هێزێکی سەد هەزار کەسیی پێشمەرگە و میلیشیا لەناکاو ڕووخا و ئاشبەتاڵ ڕاگەیەنرا. پاش ئاشبەتاڵ مەلا مستەفا

بە خۆی و بە بنەماڵەکەیەوە پەنایان بردە بەر شای ئێران و لە هەوڵی ڕزگارکردنی ژیانی خۆیاندا بوون. بنەماڵەی بارزانیی هیچ پەیوەندییەکی بە ئیرادەی ئازادیخوازیی و هێزی ستراتیژی گەلی کوردەوە نەبوو، بەڵکوو وەک درێژکراوەیەکی تاکتیکیی هێزە دەرەکییەکان لە هەوڵی پاراستنی هەبوونی خۆیدا بوو. هەربۆیە کاتێک ستراتیژی هێزە دەرەکییەکان گەیشتە ئامانجی خۆی، ئیدی پێویستییان بەم ئامرازە تاکتیکییە نەما و بەجێیان هێشت.

بنەماڵەی بارزانیی، لە کاتێکدا لە هەلومەرجە هەرێمییەکانی ساڵانی ١٩٨٠ دەرفەتی ئەوەیان هەبوو بە پشتبەستن بە هێزی خۆیان لەو دۆخەی تێی کەوتبوون، ڕزگاریان بێت، بەشی زۆری توانا و هێزی خۆیانیان بۆ پاکتاوی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەشی ڕژێمی خۆمەینیی کرد، بەشێکی تریشیان بۆ کۆنترۆڵکردنی (یان ئەگەر نەکرا، پاکتاوکردنی) پەکەکە خستە گەڕ، تا بەم ڕەنگە بتوانن پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی میتینگەر و قڕکەری تورکیا دابمەزرێنن. یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەم قۆناغەدا لە بنەماڵەی بارزانیی جیا بوونەوە، بەڵام ئەم جیابوونەوەیە ئیرادە و هێزێکی خۆڕسکی دەرنەخستە ڕوو، هەر بۆیە نەبووە هۆی لاوازکردنی بنەماڵەی بارزانیی. بە پێچەوانەوە، بنەماڵەی بارزانی جارێکی دی دەستی هاوکاریی و بەکرێگیراویی بۆ هێزە دەرەکییەکان درێژ کردەوە، بەم پێودانگەش خۆیانیان بەهێز کردەوە.

بە تایبەت شەڕی یەکەمی کەنداو، کە دوای ڕووخانی سۆسیالیزمی بونیادنراو (سۆڤیەت) و هێرشی داگیرکاریی ڕژێمی فاشیست و

تەوکوژی سەددام بۆ سەر کوەیت دەستی پێ کرد، دەرفەتی زۆر لەباری بۆ یەکگرتنەوەی باکوور و باشووری کوردستان ڕەخساند. لە کاتێکدا دۆخەکە بۆ قۆستنەوەی ئەم هەلە لەبار بوو، بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە، بە ئاڕاستەکردنیان لەلایەن ناتۆ، سەهیۆنییەکانی ئیسرائیل و ئەورووپاوە، یەنەکەشی خستە پاڵ خۆی و لە ساڵی ١٩٩٢ هێرشی کردە سەر پەکەکە. بەم شێوەیە بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە زەمینەی داگیرکردنی هەمیشەیی باشووری کوردستانی بۆ دەوڵەتی میتینگەر و قڕکەری تورک خۆش کرد. لە هەموویان گرنگتر، بەرانبەر گورزوەشاندن لە پەکەکە و هێنانی دەوڵەتی میتینگەری تورک بۆ باشووری کوردستان، بنەڕەتی ستاتۆی فیدراڵ ئامادە کرا و ئەم ستاتۆیە کەوتە ژێر چەتری پاراستنی هێزی چەکوشی ناتۆوە. هەموو ئەمانە لە پێناو چیدا ئەنجام دران؟ وەک چۆن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردنی پشتیوانیی دەوڵەتی ئێران پاکتاو کران، ئاواش هەوڵ درا بەرانبەر دانپێدانانی دەوڵەتی تورک بۆ ستاتۆی باشوور، پەکەکەش پاکتاو بکرێت.

ئەو ستاتۆیەی لە باشووری کوردستان دامەزرێنراوە هیچ خێرێکی بۆ خەڵکی باشوور نەبووە. ئەم ستاتۆیە جگە لە دەوڵەمەندکردنی بنەماڵەی بارزانیی و گرووپێکی زۆر تەنگی دەوروبەریان، کە بە دڵ و گیان پشتیوانیی لە بەرژەوەندییەکانی ئەم بنەماڵەیە دەکەن، هیچ قازانجێکی بۆ خەڵک باشوور نەبووە. ڕاستە ستاتۆیەک دەستەبەر کراوە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی ئەم ستاتۆیە وەک مەقاش و

دەسـکەلای دەسـتی هێـزە دەرەکییـەکان، دژی بەرژەوەندیـی گـەل و نیشـتمان کاری کـردووە. ئـەو دەسـەڵاتەی بنەماڵـەی بارزانیی–پەدەکە لـە باشـوور دایمەزرانـدووە، دیموکراتیـی نییـە، هیـچ حیسـابێک بـۆ خەڵـک ناکات، نـەوت و گاز و کانزای ئـەم وڵاتـە بۆ خـۆی دەفرۆشـێت، داهاتـی گومـرک و هەمـوو ئـەو داهاتـەی لـە ئەنجامـی پەیوەندییـە بازرگانیی و داراییەکانـدا بـە دەسـت دێـت، بـۆ خـۆی کـۆی دەکاتـەوە و بـەم شـێوەیەش دەسـتیان بـە سـەر دەیـان ملیـارد دۆلار پـارەی ئـەم نیشـتمانەدا گرتـووە. لـە کاتێـکدا خەڵـک بـە دەسـت هەژاریـی و برسـێتییەوە دەناڵێنێـت، تاقمێـکی دز و جـەردە بـە پشتبەسـتن بـە دروشـم و گوتـاری نەتەوەپەرەسـتیی، هەرچییـەک گرێـدراوی نەتـەوە و نیشـتمان بێـت، فرۆشـتوویانەتە دوژمنانـی نەتـەوە و نیشـتمان.

لـە بـواری کەلتوورییشـدا، ئـەوەی هیـچ پەیوەندییەکـی بـەم ئـاو و خاکـە و مێژووکەیـەوە نەبێـت، بـە سـەر خەڵکدا دەیسـەپێنن و کەلتـوور، کەسـایەتیی و کۆمەڵگایەکـی بێگانـە پێـک دەهێنـن. لـە نەوەدەکانـدا هـەزاران کەسـی باشـووری لەلایـەن ئەمریـکاوە پـەروەردە کـران. کاریگەرییەکانـی ئـەم پەروەردەیـە ئێسـتا لـە سیاسـەت، یاسـا، بازرگانیی مـۆد و فاشـیۆندا دەبینیـن. ئەگـەر ئەمـڕۆ ٣٠٠ تـا ٤٠٠ گونـدی باشـوری کوردسـتان و جوگرافیایەکـی فـراوان و بەریـن لەلایەن دەوڵەتـی میتینگەر و قڕکـەری تورکـەوە داگیـر کـراوە و کاردانەوەیەکـی شـێلگیر بەرانبـەر بـەم داگیرکاریـە دەرناکەوێـت، پێویسـتی بـە تێڕامانێکـی زۆر قـووڵ هەیـە. ئـەو گەلـەی ئامـادە بـوو لـە پێنـاو خـاک و نیشـتماندا گیانـی خـۆی بەخـت بـکات، ئێسـتا وای لـێ هاتـووە بووەتـە پۆلیسـی هاتووچـۆ بـۆ تەراتێنـی

داگیرکەر و لە ئاست تاوانەکانی ڕژێمێکی فاشیستدا بێدەنگ دەمێنێت. ئەم گەلە چۆن وای لێ هات؟ تێگەیشتن لەم بابەتە دژوارە. وەک بڵێی ئەمەش تێر نەکات، پەدەکە ئەو چەتانەی هێناوەتە بادینان وا نەک تەنیا دوژمنی کوردن، بەڵکوو دوژمنی هەموو مرۆڤایەتیین، تەنیا بۆ ئەوەی گەریلای ئازادیی کوردستان پاکتاو بکەن. هێنانی ئەم چەتانە و جێگیرکردنیان لە بادینان، هیچ بیانوویەک هەڵناگرێت. چ نەتەوایەتییەک، نەتەوەپەرەستییەک یان نیشتمانپەروەرییەک ئەمە هەڵدەگرێت؟ ئەم کارە لە کتابی هیچ نەتەوایەتیی و نیشتمانپەروەرییەکدا جێی نابێتەوە. بەڵام لە پێناو بەرژەوەندیی بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکەدا جێ بۆ هەموو ئەم تاوان و خیانەتانە دەکرێتەوە.

هەموو ئەمانە هەروا لە خۆیانەوە ڕوویان نەدا. هەموویان دەرنجامی پلانێکن. ڕێبەر ئاپۆ بەم شێوەیە باسی هۆکارەکانی تووشبوونی باشوور و بە تایبەت بنەماڵەی بارزانیی بەم دۆخەی ئێستا دەکات: *«ڕاستینەی باشووری کوردستان لە ئاکامی حساب و لێکدانەوەی شەڕی ساردەوە گەرم دەکرا. بە ئامانجی بەربەستکردنی حوکمی گەلی کورد بە سەر چارەنووسی خۆیدا کە لە بواری جەستەییدا بوونی خۆی پاراستبوو، هەروەها بۆ ئەوەی لە دۆخی سەربازگەیەکی پێشووی سیستەمدا بێت بەردەوام کوردستانێکی بچووککراوە لە ڕۆژهەڤ و یەدەگدا مایەوە. ئەمجارە بەرژەوەندییەکانیان ئەوەی دەکرد بە پێویستییەک. هەروەک چۆن لە بەرانبەر لەدەستدانی هێلینیی و ئەرمەنییەکان بۆ نیشتمانی مێژوویییان وەک قەرەبووکردنەوەیان و دانەوەی قەرز مەحکومی*

*دەوڵەتۆکەی بچووک کران، ئەو دیاردەیەی بە کوردستانی ئێراقیش ناو دەبرێت بە هەمان شێوە خرایە ڕۆژەڤەوە»*[٢].

دروستکردنی قەوارەی باشوور لەلایەن مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە بۆ ئەوەیە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دەوڵەتانی دی بەکاری بهێنێت و وەک ئەوەیە پێیان بڵێت: «ئەگەر بە قسەم نەکەن و بە گوێرەی فەرمانەکانی من نەجووڵێنەوە، هەمان شت لە ناو سنووری وڵاتی ئێوەشدا دروست دەکەم». لە دۆخێکی وەهادا، کورد وەک ئامراز و گۆچان و داردەستێک بەکار دەهێنرێن. ئەی باشە، لە شوێنێکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوییین کە موزایکی گەلانە، کێ دەبێتە دۆستی ئەم گەلە؟ گەلان ناتوانن دراوسێکانی خۆیان بگۆڕن. کەوابوو، ناکۆکیی نێوان گەلان و گەمەی دەسەڵاتە هەژموونگەراکان لە سەر ئەم ناکۆکییانە بەردەوام دەمێنێتەوە. خراپترین بژاردە ئەوەیە گەلی کورد لە جیاتی پشتبەستن بە هێزی گەوهەریی خۆی پشت بە هێزی تر ببەستێت و چاوەڕوانیی لەوان هەبێت. لە ئەگەرێکی بەم ڕەنگەدا کۆمەڵگایەکی بێئیرادە دروست دەبێت. کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەش، دەبێتە کۆیلە و بەندەیەکی و ئامادە و لەسەرپێ بۆ هەر هێزێک بیەوێت لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری بهێنێت. هاوکات ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی گەلانی تریش نەفرەتی لێ بکەن و ببنە دوژمنی.

بنەماڵەی بارزانیی، لە ساڵەکانی ١٩٣٠ بەدواوە، هەم خاوەنی

---

٢- عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، پەڕتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل١٦٢.

هێـزی چەکداریـی بـوون و لـە بـواری نەتەوەییشـدا کـەم و زۆر کاریگەرییـان لـە سـەر بەشـەکانی تـری کوردسـتان دانـاوە. بـەڵام پـاش قۆناغیکـی دیاریکـراو، ئـەو کەسـانەی لـە بەشـەکانی تـری کوردسـتان لـە ژێر کاریگەریی بارزانییەکانیاندا بوون، لەلایەن خودی بارزانییەکانـەوە وەک ئامرازێکـی سیاسـیی بـۆ بەرەوپیشـەوەبردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتە میتینگەرەکانی سـەر ڕاسـەری کوردسـتان بەکار هێنـران. هەرکاتێـک پێویسـتی کردبێـت، بنەماڵـەی بارزانیـی یـان ئـەم کەسـانەی کوشـتووە یـان ڕادەسـتی دەوڵەتێکـی میتینگـەری کـردوون. کاتێـک سـەیری قۆناغێکـی ٨٠-٩٠ سـاڵە دەکەیـن، دەبینیـن بنەماڵـەی بارزانیـی، لـە شـەڕ لەگـەڵ ئێراقدا، بەبێ ئـەوەی پشـت بـە ئیسـرائیل، ئێران، سـووریا و تورکیـا ببەسـتێت، بەبێ ئـەوەی پشـت بـە هێزێکـی ناودەڵەتیـی خـاوەن کاریگەریـی لـە سـەر کوردسـتان ببەسـتێت، بەبێ ئـەوەی زیـان لـە خەباتـی نەتەوایەتیی بەشـەکانی دی کوردسـتان بدات و ناچـاری پاشـەکشـێیان بـکات، نەیتوانیـوە بـە شـێوەیەکی سـەقامگیر لـە هیـچ شـوێنێک ببێتـە خاوەنـی دەسـەڵات و هەژمـوون. هـەر بۆیـە هەمیشـە لـە سـەر خوێنـی کـورد درێـژەی بـە هەبوونـی خـۆی داوە. ئەو هەولێرەی ئێسـتا ئەمانـە وەک پایتەختـی خۆیـان ڕیکلامـی بـۆ دەکـەن، بـە بەکرێگیراوێتیی و پشتبەسـتن بـە دەوڵەتـی میتینگەریـی ئێـراق، بـە سـواربوون لـە سـەر تانکەکانـی سـەدام حوسـێن و تۆپبارانکردنـی پەرلەمانەکـەی خۆیـان توانیـان لـە دەسـت YNK بیگرنـەوە.

بنەماڵـەی بارزانیی بنەماڵەیەکـە دوژمنایەتیـی خـۆی بـۆ شـۆڕش و سۆسـیالیزم لـە کوردسـتان ڕاگەیانـدووە. تێڕوانینـی ئـەوان بـۆ ئازادیـی

کوردستان بەم شێوەیەیە: ئەگەر بڕیارە پێگەیەکی کوردیی هەبێت، ئەگەر بڕیارە ئازادییەک هەبێت، ئەوە تەنیا لە ڕێی ئەمریکا و ئەورووپا و هێزەکانی ترەوە مەیسەر دەبێت. هەر بۆیە دژی هەموو ئەو بژاردە شۆڕشگێڕیی و دیموکراتیی و نیشتمانپەروەرییانەی پشت بە هێزی خۆیان دەبەستن، هێرشی فراوانی ڕەشکردن و چەواشەکاریی ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی باوەڕ بە خەڵک بێنن ئەمانە ناتوانن ببنە بژاردەیەک بۆ تێکۆشانی ئازادیخوازیی. هەموو کەسێک هان دەدەن تا ببێتە کۆیلەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و تاکە ڕێی ڕزگاریی لە پشتبەستن بە هێزە هەژموونگەراکان و ئەو دەوڵەت-نەتەوانەدا دەبینن وا لە سەر بنەمای نەتەوەپەرەستیی دامەزرێنراون.

بە قۆناغێکدا تێدەپەڕین شەڕی سێهەمی جیهانیی زۆر بە چڕیی و فراوانیی ڕوو دەدات. ئەو هێزانەی دەیانەوێت جیهان و هەرێمەکە بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان داڕێژنەوە، هەریەکە و پلانێکیان لە گیرفاندایە. هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتیی لەگۆڕێ نییە هەمووان گوێی لێ بگرن و پەیڕەوی بکەن. کێ هێز بێت، ئەو یاسایە. ئەو گەلەی هەبوونی ئەو هێشتاش لە ژێر مەترسیی ژینۆسایددایە، تەنیا بە یەکێتیی دەتوانێت درێژە بە هەبوونی خۆی بدات. بەڵام بنەماڵەی بارزانیی لە سەر بنەمای دوژمنایەتی یەکێتیی نەتەوەیی هەموو هێزی خۆی بۆ پاکتاوی پەکەکە تەرخان کردووە. هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە هەموو پێشکەوتنێکی شۆڕشگێڕیی، یەکێتیخواز و دیموکراتیی ئاستەنگ بکات. ئەم هەڵوێستەی پەدەکە لە دوژمنایەتیی ئەو بۆ ژن و ژینگە و یەکێتیی نەتەوەییەوە سەرچاوە

دەگرێت. سەرچاوەی هەموو کێشە و گیروگرفتەکان ئەوەیە ئەمانە لە جیاتی نیشتمانبەرژەوەندیی بنەماڵە و پارە بە بنەما دەگرن.

## ٤. سیاسەتەکانی دەوڵەتی میتینگەری سووریا لە سەر کورد و دۆخی هەنووکەیی

ئەو بەشەی کوردستان وا سەردەمانێک وەک باشووری بچووک ناوزەد دەکرا و لە شۆڕشی ١٩ی تەمووزەوە ئیدی وەک ڕۆژئاوا پێناسە کرا، بچووکترین بەشی کوردستانە. لە چاو بەشەکانی تر، کەمترین ژمارەی دانیشتووان و بچووکترین ڕووبەری جوگرافیی لەم بەشەی کوردستاندایە. بەشێکە کە گەلی کورد هاوڕێ لەگەڵ گەلی عەرب، تورکمەن، ئاسووریی، سریان و ئەرمەن پێکڕا دەژین. وەک مینیاتورێکی ڕۆژهەڵاتی ناویینە. کوردەکان تەنیا لە بەشی باکووری سووریا لە سەر سنوور ناژین، بەڵکوو لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، بە تایبەتیش لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبیی، کورد بە هۆکاری جۆراجۆر بەرەو قووڵایی خاکی سووریا کۆچیان کردووە. لە هەرێمەکانی وەک شام، حەڵەب، حەما و ئیدلیبیش نیشتەجێ بوون.

مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی سووریا لە چاو دەوڵەتانی تر، ئاڵۆزترە و پڕە لە کێشە. بەگوێرەی پەیماننامەی شاراوەی سایکس–پیکۆ، کە ڕۆژهەڵاتی ناویینی دابەش کرد، بڕیار درا دەوڵەتی سووریا گرێدراوی ئیمپریالیزمی فەڕەنسا بێت. فەڕەنسییەکان هەر کاتی پەیمانی ١٩٢١ی ئەنکارا، کە لەگەڵ میتینگەرە کەمالیستەکان مۆریان کرد، ڕۆژئاوای کوردستان و باشووری کوردستانیان لێک هەڵبوارد.

ئـەو جۆگرافیایـەی بڕیـار وابـوو دەوڵەتـی سـووریای لـە سـەر دابمەزرێنرێت، بـە شـێوەی پێنج نیمچەدەوڵـەت دابەش کرابوو. سـاڵی ١٩٢٥ دەوڵەتـی ماندایـی (سـەرپەرەشـتیار) لـەم پێنـج نیمچەدەوڵەتـە درووسـت کـرا. بـەڵام ئـەم دەوڵەتـە پـاش شـەڕی جیهانیـی دووەم و سـاڵی ١٩٤٥، توانـی سـەربەخۆیی خـۆی ڕابگەیەنێت. بـە درێژایـی ئـەم بیسـت سـاڵە لـە ئەنجامـی ئـەو پەشـێویی و ئاژاوەگێڕییانـەی ئینگلیـز و دەوڵەتـی مێتینگـەر و قڕکـەری تـورک نایانـەوە، ئـەم وڵاتـە ئارامیـی و سـەقامگیریی بەخۆیـەوە نەبینـی. لەنـاو ئـەم دابەشـبوون و ناسـەقامگیرییەی هەبـوو، دەوڵـەت یـان پارێزگایـەک بـەر کـورد نەکـەوت، بەڵکـوو لـە نـاو پارێـزگای حەڵەبـدا جێگەیـان گـرت.

تـا سـەردەمی شـەڕی دووەمـی جیهانیـی لـە سـووریا سیاسـەت و کردەوەیەکـی تایبـەت بـە کـورد بـەدی ناکرێـت. ڕێکخسـتنی خۆیبـوون لـە سـووریا درووسـت بـوو. قەدەغەیەکـی فەرمیـی لـە سـەر زمـان و کەلتـووری کوردیـی و چـاپ و پەخـش بـە زمانـی کـوردی نەبـوو. هەربۆیـە پێچەوانـەی ئـەو سیاسـەتەی ژینۆسـاید (تەوکوژیـی-نەژادکوژیـی) و تواندنـەوە وا لـە بەشـەکانی دی کوردسـتان پەیڕەو دەکـرا، کـورد لـەم بەشـەی کوردسـتان دەرەتانـی ئەوەیـان بینییـەوە پـەرە بـە زمـان و کەلتـوور و هونـەر و ئەدەبیاتـی خۆیـان بـدەن. بـە تایبـەت بەهـۆی سـتەم و چەوسـانەوەی بێسـنووری دەوڵەتـی مێتینگـەر و نەژادکوژیـی تـورک لـە باکـوری کوردسـتاندا، زۆرێـک لـە نیشـتمانپەروەر و ڕۆشـنبیر و کەسـایەتیی پێشـەنگ ڕوویـان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان کـرد و لـەوێ نیشـتەجێ بـوون. عوسـمان

سـەبریی، نـووری دێرسـیمیی، جگەرخوێـن و ئەندامانـی بنەماڵـەی بەدرخـان، ڕۆڵـی گرنگیـان گێـڕاوە.

کۆمـاری سـوریا لـە سـاڵانی ١٩٦٠ـدا کەوتـە بـەر گێژەڵۆکـەی نەتەوەپەرەستیی عەرب و ناوی خۆی بۆ کۆماری عەربیی سووریی گۆڕی. لەگەڵ هاتنی حیزبی بەعس بۆ سـەر دەسـەڵات، هـاوکات لـە گـەڵ گۆڕینـی نـاو، لـە ئەنجامـی خۆگونجانـدن و خۆسـازدانی ئـەم حیزبە لەگەڵ ‹پلانی هەمووارکردنی ڕۆژهەڵات Şark İslahalt- Planı›ـی دەوڵەتـی میتینگـەر و نەژادکـوژی تـورک، لـە لایەکـەوە سیاسـەتی توانـەوەی کـورد پەیـڕەو دەکـرا و لـە لایەکـی تریشـەوە بە گۆڕینی دیمۆگرافیی هەوڵیان دا ڕۆژئاوای کوردستان لە کورد داماڵن. کۆمەڵکوژیی سینەمای عامودێ خوێناویترین هێرشـی ڕژێمی بەعسـە بـۆ سـەر کـورد. سـاڵی ١٩٦٠ بـە پاسـاوی ئاگرکەوتنـەوە سـەدان منداڵی کورد کۆمەڵکوژ کران. دەزگای هەواڵگریی سـووریا، موخابـەرات، پلانێکـی تایبەتیـان بـۆ چەوسـاندنەوەی کـورد داڕشـت. کـورد تەنانـەت وەک هاووڵاتیـی سـوورییش پەسـەند نەدەکـران. بەهـۆی سیاسـەتی ئابووریـی ڕژێمـی بەعـس لـە سـەر کوردسـتان، کورد ناچار مـان بەرەو شـارە گەورەکانی سووریا و وڵاتانی وەک لوبنـان و جەزایـر کـۆچ بکـەن.

ڕەنگـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـۆ خـۆی خۆڕاگرییەکـی چەکداریـی دژی ڕژێمـی سـووریا ڕێـک نەخسـتبێت، بـەڵام بەگوێـرەی توانـای خـۆی هاوکاریـی هەمـوو بزووتنەوەکانـی بەشـەکانی دی کوردسـتانی کـردووە. هەربۆیـە، تـا کاتـی دەرکەوتنـی پەکەکـە، کاریگەرییەکـی

بەرچاوی بنەماڵەی بارزانیی هەبوو. کاریگەرییەکی سنووورداری YNKـش هەبوو. بنەماڵەی بارزانیی حزب و ڕێکخراوی گرێدراوی خۆی لە ڕۆژئاوا دامەزراند. بەڵام هەموو ئەم ڕێکخراوانە لە جیاتی ئەوەی خزمەت بە دۆزی ئازادیی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، بۆ پشتیوانیی بنەماڵەی بارزانیی بەکار هێنران.

لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕێبەر ئاپۆ بۆ کۆبانێ لە تەمووزی ١٩٧٩، خەباتی دۆزی ئازادیی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەستی پێ کرد و بە درێژایی ٣٣ ساڵ لە ئەنجامی سیاسەتێکی ڕاست و دروست و تۆکمە و بەردەوام، بە ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆر، لە سەر بنەمای پارادایمی ژینگەپارێزیی و ئازادیی ژن، شۆڕشی ١٩ـی تەمووز هاتە ئاراوە. دژی سیاسەتی تەوکوژیی کورد بە دەستی داعش و بە هاوکاریی و پشتیوانیی دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورک و زۆر گرووپی چەتەی تر، پەکەکە خۆڕاگرییەکی بێوێنەی نیشان دا. پارادایمی ڕێبەر ئاپۆ ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە بەردەوامیی شۆڕش تا ئێستا هەیە. بۆ ئەوەی شۆڕشی ڕۆژئاوا بە لاڕێدا بەرن، هەم ئەمریکا و هەمیش هێزەکانی هاوپەیمانیی دژی داعش، ویستیان هەندێک پێکهاتەی چەتە و کۆنترای گرێدراوی بنەماڵەی بارزانیی وەک ENKS بەکار بێنن. دەوڵەتی ڕووسیاش، بە هاوکاریی و پەیوەندیی لەگەڵ سووریا و ئێران، بۆ ئەوەی دەوڵەتی سووریا جارێک بکات بە دەسەڵات، کەوتە ناو لیگەڕین و کاری زۆر پێکۆڵانە تا شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان پاکتاو بکات.

میتینگەریی ئێرانیش هەر وەک میتینگەریی تورک هەوڵی پاکتاوی

شۆڕشی ڕۆژئاوا دەدات. داگیرکردنی عەفرین، سەرێکانی، گرێسپی لەلایەن دەوڵەتی میتینگەری تورک و چەتەکانییەوە، دەرەنجامی تێنەگەیشتن لە قۆناغەکە و پەرەنەدان بوو بە شەڕی شۆڕشگێڕیی گەل بەرانبەر مەترسییەکان. جێگیربوونی ئەمریکا و هێزەکانی نێو هاوپەیمانی دژی داعش لە ڕۆژئاوای کوردستان بوو بە هۆی درووستبوونی چەمکێک، کە هەر چەندە لە ئاستێکی لاوازیشدا بێت، بەڵام چاوی لە دەست هێزە دەرەکییەکانە و ئەم هێزانە وەک دڵنیایی و گەرەنتییەک بۆ ڕۆژئاوا دەبینێت. ئەم چەمکە هێشتاش هەر بەردەوامە. هەروەها گرنگینەدان بە گەشەپێدانی خۆپاراستن، کەموکوڕییەکان لە ئاوەدانکردنی نەتەوەی دیموکراتیی و فراواننەکردن و پەرەنەدان بە شۆڕش، ئەو ئاراستە و مەیلە هەڵانەن وا لە ڕۆژئاوا سەریان هەڵدا. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە، ئەگەرچی شۆڕش لە هەندێ شوێن پاشەکشەی پێ کراوە، بەڵام هێشتا پاشەکشەی لە ئامانجەکانی خۆی نەکردووە، تێکۆشانێک دژی چەمکە هەڵەکان هەیە و ئەزموونێکی بەهێز لە سەر بنەمای ڕەخنەلەخۆگرتن، درووست بووە.

لەم دوو ساڵەی دواییدا، ڕژێمی سووریا، ئێران، دەوڵەتی تورک و چەتەکان، هەوڵیان دا لە ڕێی بەکارهێنانی هۆزەکان لە دێرەزۆرەوە هێرشێکی پاکتاوکاری بکەنە سەر ڕۆژئاوا. بە تایبەتیش دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورک بە کەڵکوەرگرتن لە ئاڵۆزییەکانی فەلەستین و لوبنان و شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس و حیزباللە، هەوڵی دا لە ڕێی ڕووخاندنی ژێرخانی

ئابووریی ڕۆژئاوای کوردستانەوە کورد ڕاو بنێت و چەتەکانیان لە شوێن دابنێت، بەم شێوەیەش هەرێمێکی تامپۆنی دژەشۆڕشی پڕ لە چەتە لە سەر سنووری ڕۆژئاوا درووست بکات.

سەرەنجام بە هەڵسەنگاندنێکی ڕاست بۆ ئەزموونی مێژویی گەل و نیشتمان، بە باشیی و بە هەڵەکانیەوە، بێ ئەوەی بکەوینە داوی دەوڵەت–نەتەوە و ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرەستیی و نەتەوەپەرەستی سەرەتایی، پێویستە بە پشتبەستن بە ئازادیی ژن، نەتەوەی دیموکرات بنیاد بنێن و بەرانبەر وێرانکردنی سرووشت پەرە بە هۆشیاریی ژینگەیی بدەین. مسۆگەر پێویستە خۆمان لەو چەمک و تێگەیشتنە دەسەڵاتخواز، بنەماڵەپەرەست، دەوڵەتگەرا، زایەندگەرا، خێڵگەرا، مەزهەبگەرا و ئایینگەرایەی شەڕ و ناکۆکیی و دابەشبوون لە نێوان کورداندا درووست دەکەن، ڕزگار بکەین. پێویستە تێکۆشانی هیچ بەشێکی کوردستان دژی بەشەکانی دی بەکار نەیەت. پێویستە یەکێتیی و تەبایی بە بنەما بگیردرێت. هەربۆیە مسۆگەر پێویستی بە کۆنگرەیەکی نەتەوەییە. بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێک لەم کۆنگرەیەدا بەشدار ببێت. پێش هەموو شتێک، پێویستە ئەوانەی دەتوانن لانی کەم لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکاندا هاوبەش بن، بێنە لای یەک. بە تێپەڕبوونی کات دەتوانرێت ئەو هێزانەشی هێشتا دوودڵن، ڕاکێشی ئەم کۆنگرەیە بکرێن. هاوکات پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵوێست دژی ئەو هێزانەی وا لە سەر بنەمای دژایەتیی یەکێتیی نەتەوەیی کورد چوونەتە ڕیزی داگیرکەران و میتینگەرانەوە، هەڵوێست وەربگرێت.

ڕێبەر ئاپۆ سیاسەتی هێزە میتینگەرەکان و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی

ئەم سیاسەتانە بەم شێوەیە دێنێتە سەر زمان: «لە ئەنجامدا سەرجەم ئەو کردەوانەی کە نیشتمانی کوردیان پارچە کردووە و نکۆڵیان لێ کردوە: لە قووڵاییەوە ڕاستینەی کۆمەڵگایان دابەش کردووە و دووریان خستووەتەوە لە خاوەنداریتیکردنی خۆی، ڕێگەیان نەداوە ببنە ئیرادەی سیاسیی، ناچاریان کردوون بۆ ملکەچکردن بەرامبەر ڕێبازەکانی نکۆڵیی و قڕکردنی دەوڵەتان، دابینکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانیان بۆ ئامرازی دەستبەرداربوون لە ناسنامەکەیان گۆڕیوە، داننەنان بە ستاتۆ و دەرفەتێکی یاسایی بوونێکی ئایدۆلۆژیی و کولتووریی پشتبەستوو بە ناسنامەی خۆیان، بێبەشکردنیان لە ئامراز و کردە هاوچەرخەکانی پەروەردە وای دەکرد کێشەی کورد بۆ کێشەیەک بگۆڕێت کە بوون و ناسنامەکەیان بە نەبوو دابنرێت و دەرفەتی ژیانی ئازادیان پێ نەدرێت. بە مانایەکی تر ئیتر کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی نەبوو، دەبوو بە کێشەی دوورخستنەوە لە دۆخی نەتەوە.

لەگەڵ بەردەوامبوونی پارچەبوون و بەهێزبوونی ڕژێمەکانی نکۆڵیی و قڕکردن لە سەر هەر بەشێک، ئیتر کێشەکان وەک کێشەی نەتەوەبوون نامێنێت، بۆ کێشەی درێژەپێدانی بوون بچووک بکرێتەوە. ئەگەر لە پاکتاوکردنی یەکجارەکیی بووندا لەناوبردنی جەستەیی ڕێبازیی سەرەکییش نەبێت، بەڵام ژینۆسایدی ڕەهەندی کولتووریی واقیعێکە بەردەوام ڕوو دەدات. وەک چۆن لە ژینۆسایدی ئەرمەنیی و یەهوودییەکاندا ڕووی داوە ئەنجامنەدانی ڕاستەوخۆی قڕکردنی جەستەیی پرۆسەکەی بە ئێش و ئازارتر دەکرد. ئاشکرایە کاتێک سەرجەمی ئەو هۆکار و فاکتەرانە ڕەچاو بکرێت، لە کێشەی کورد زیاتر

*باسکردنی گرێکوێرەی کورد واقیعیترە. وەک چۆن ئەسکەندەر هات و بە شمشێرەکەی گرێکوێرەی گۆردۆنی کردەوە و دەرفەتی فەتحکردنی تەواوی ئاسیای ڕەخساند، چارەسەرکردنی گرێکوێرەی کوردیش فەتحی دیموکراتییانەی سەرجەم کۆمەڵگاکان – لە سەرووی هەموویانەوە خۆرهەڵاتی ناویین – و چانسی ژیانی ئازاد دەڕەخسێنێت»*[3].

گەرچی نیشتمانەکەمان هێشتا بە دەست میتینگەریی و تەوکوژییەوە دەناڵێنێت، بەڵامی ئیدی ناتوانرێت نکۆڵیی لە هەبوونی کوردستان بکرێت. تا ئەو کاتەی ئاخر کەسی ئەو کەسانەی دەیانەوێت ژیانێکی ئازادی شیاو و پەیوەست بە مێژوو و کۆمەڵگای خۆیان لە سەر ئەم خاکە بژین، مابێت، هەبوونی کوردستانیش بەردەوام دەبێت. ئەمجارەش نیشتمانەکەمان لە جیاتی ئەوەی ببێتە جێی شارستانییەکی چینایەتیی و دژەژینگە و نەتەوەپەرەست و دەوڵەتپارێز، دەبێتە لانکەی هەڵاتن و گەورەبوونی خۆری مۆدێرنیتەی دیموکراتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

چارەسەر ئەوەیە بەپێی پارادایمی ڕێبەر ئاپۆ، شۆڕشێکی بنچینەیی لە بواری بیرکردنەوە و زهنییەتدا ئەنجام بدرێت، پێویستییە ڕێکخستنییەکانی ئەم شۆڕشە جێبەجێ بکرێن و بەردەوام خەبات و تێکۆشانی لە پێناودا بکرێت.

---

٣- عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتێک، پەڕتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل٢٥١